# ئەنجامدانی نوێژی سونەتی شەو وڕۆژ؛ دوو ڕکات دوو ڕکات ئەنجامدەدرێت

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەنجامدانی نوێژی سونەتی شەو وڕۆژ؛ دوو ڕکات دوو ڕکات ئەنجامدەدرێت».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە بنچینەکەی لە (الصحيحين) واتا لە کتێبی (صحيح البخاري) و (صحيح مسلم)دا هەیە: بە دەستەواژەی: (صلاة الليل مثْنَى مثْنَى) واتا: (شەو نوێژ دوو ڕکات دوو ڕکات ئەنجامدەدرێت)، وهەندێک لە گێڕەرەوەکان ئەم دەستەواژەیان بۆ زیاد کردووە: (والنَّهار) واتا: (ڕۆژ)، وئەم زیادەیەش لاوازە -ضعيفة-، ومانای ئەم فەرموودەیە ئەوەیە هەرکەسێک بیەوێت نوێژی سونەت (خۆبەخش یان موستەحەبیشی پێدەووترێت) ئەنجامبدات لە شەو یان لە ڕۆژدا، ئەوا با پاش ئەنجامدانی دوو ڕکات وخوێندنی تەحیات سەلام بداتەوە، هەروەکو بە ڕوونی هاتووە: (عن ابن عمر -رضي الله عنهما- لما سئل: «ما مثْنَى مثْنَى؟» قال: «أن تُسلِّم في كل ركعتين») [رواه مسلم] واتا: (لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزایان خوای لێبێت- کاتێک پرسیاری لێکرا: «واتای مثنى مثنى چییە؟» ئەویش ووتی: «پاش ئەنجامدانی دوو ڕکات -وخوێندنی تەحیات- سەلام بدەیتەوە»)، وئەمیش وتەی زۆربەی زانایانە سەبارەت بە شەونوێژ کردن، واتا: نابێت لە شەونوێژدا نوێژە سونەتەکان زیاتر لە دوو ڕکات بێت، واتا پاش ئەنجامدانی دوو ڕکات وخوێندنی تەحیات دەبێت سەلام بداتەوە، مەگەر تەنها بۆ نوێژی ویتر نەبێت کە دەتوانێت ڕکاتەکانی تر لەگەڵ ڕکاتە تاکەکە کۆ بکاتەوە وبە هەموویانە یەک سەلام بداتەوە وئەمیش چەند شێوازێکی هەیە کە ئەمە لە سونەتدا هاتووە. بەڵام سەبارەت بە نوێژکردن لە ڕۆژدا ئەنجامدانی زیاتر لە دوو ڕکات ئاساییە ودروستە، بەڵام باشتر وایە دوو ڕکات ئەنجامبدرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11260

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee